گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئێسکەپەیکەر لەبەر ڕۆشنایی هەڵکۆڵینی نوێ لە پێگە شوێنەواریەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عیراق (لێکۆلینەوەیەکی شوێنەواری ئەنترۆپۆلۆجیە)

**زینب طاهر محمد**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی، عیراق.
zainabtahir767@gmail.com

**پ.ی.د. نعمان جمعة إبراهيم**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی، عیراق.
noman.ibrahim@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٢١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٢
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Excavation, Skeleton Grave, Pre-historic, Stone Ages.*

**Doi**:
10.25212/lfu.qzj.8.4.5

## پوختە

ژینگەی سروشتی وهەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان لەسەردەمە کۆنەکانەوە هۆکارێکی سەرەکی بووە کە ئەم ناوچەیە ببێتە شوێنی ئاوەدانی ودەسپێکی شارستانیەت پێش ناوچەکانی تری میسۆپۆتامیاو زاگرۆس، سەرەڕای ئەمەش هێشتا مێژووی دێرینی ئەم ناوچەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. لەم توێژینەوەیەدا هەندێ زانیاری نوێ یە دەربارەی ژیانی مرۆڤ لە کۆنترین ڕۆژگارەکانی پێش مێژوو خراوەتە ڕوو، لەسەر ئەم بنچینەیە بابەتی توێژینەوەکە بەستراوەتەوە بەو بەڵگەو دۆکیۆمێنتی شوێنەواریی بەدیاری کراوی ئەو ئێسکو پروسکانەی کە لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی نوێ بەدەست گەیشتوون، بە تایبەتی لەهەندێ پێگەی شوێنەواریی پێش مێژوو لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان، کەلەلایەن شارەزایان و پسپۆڕانی بواری شوێنەوارناسی لە کوردستانی عیراق و بەهامەهەنگی تیمە بیانیەکانی دەرەوەی ووڵات ئەنجام دراوە. هەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بە ئاوێتەکردنی ئەو زانیارییە نوێیانە لەگەڵ بەڵگە ئاماژە پێکراوەکانی پێشووتردا. لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا بە وردی تیشک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خراوە سەربابەتی پاشماوەی ئێسکوپروسک لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی هەڵکۆڵین کە لەپێگە شوێنەوارییەکان دۆزراونەتەوە، هەروەها ئەم پاشماوە شوێنەوارییانە وەک زانستی سەرچاوەی باوەڕپێکراوپشتیان پێبەستراوە بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر لەسەر دیاریکردنی مێژووی دەستپێکی پەیدابوونی مرۆڤی کۆن و شێوازی گوزەرانی و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەربابەتە ژینگەی سروشتی ناوچەکە.

## پێشەکی:

پرۆسەی ڕوپێوو هەڵکۆڵین لە پێگە شوێنەوارییەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی لەم چەند ساڵەی دواییدا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و بەرەو پێش چوون و پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، تا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر باش لەڕووی بەدەست هێنانی سەرچاوەو فەراهەمکردنی زانیاری لەسەر بارودۆخی ناوچەکەو ژیانی مرۆڤی کۆن لە پێگە شوێنەوارییەکانی چاخەکانی پێش مێژوو. لەم سۆنگەیەوە دەکرێت بەبایەخەوە هەڵسەنگاندن لەڕووی گرنگی زانستی و شوێنەواریی و مێژوویی بۆگشت ئەو چالاکییە شوێنەوارییانە بکرێت کە لەلایەن ژمارەیەک تیمی بیانی و نێو خۆیی لە هەرێمی کوردستان بەئەنجام گەیشتوون ، چونکە پرۆسەکانی هەڵکۆڵین بە میکانیزمی زانستی ڕێک و مەنهەجی کارکردنی پراکتیکی بەڕێوە چووە، بۆیە دۆزینەوەی هەرپارچە و کەلوپەلێکی شوێنەواریی دەبێتە بەڵگەی نوێ بۆ ڕوونکردنەوەو تیشک خستنە سەر زانیاری زیاتر لەسەر مێژووی شارستانیەتی ناوچەکە. بەم شێوەیە زانستی شوێنەوار لە ڕێگەی کنەو هەڵکۆڵین بەڵگەو سەرچاوەی زانستی بۆ تێگەیشتن ودەرخستنی گرینگی ناوچەکە دەخاتەڕوو بە دیاری کراوی لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەسەر تێکڕای ئەو پارچە ئێسکو پروسکانەی کە لە پێگە شوێنەواریەکان دۆزراونەتەوە، چونکە زۆربەی ئەم شوێنانە لە ڕابووردو پشکنینیان تێدا ئەنجام نەدراوە، هەرچەندە لە لیستی شوێنەواری عیراقیدا دیاری کراون. بە گشتی توێژینەوەکە چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت بریتیە لە پێشەکی و گرفت گرینگی و ئامانج ومەودای توێژینەوەکە. کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەیەکەدا بەتێرو تەسەل تیشک خراوەتە سەرکاریگەریەکانی ژینگەی سروشتی کۆنی کوردستان لە چاخەکانی پێش مێژوو Pre-Historic

لەسەر بارو دۆخ و شێوازی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ لە ناوچەکە. بۆیە ئەنجامی هەر هەڵکۆڵینێکی نوێ لە هەر پێگە یەکی شوێنەواریی دەکرێت وەک سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو هەژمار بکرێت، بەتایبەتی دوای لێکۆڵینەوەی چڕ لەسەریان بڵاکراونەتەوە.

## 1. چوارچێوەی توێژینەوەکە: بەگشتی بریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە

**1.1 گرفتی توێژینەوە:** لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتی پاشماوەی ئێسکوپروسک بە شێوەیەکی گشتی مرۆیی و ئاژەڵی کارێکی ئەستەمەو بۆ توێژەر، چونکە بابەتێکی ئاڵۆزەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی ووردە، لەبەر درێژی تەمەنی ئەو پاشماوانە و نەبوونی هیچ بەڵگەیەکی نوسراو لەسەریان ئەمەو جگە لەوەی کە زۆربەی ئێسکوپروسکە دۆزراوەکان تووشی چەندین ڕووشان و ووردبوون و خاوش هاتوون تەنانەت لەکاتی دەرهێنراون پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی زبرو قورس دەبێت تاکو لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەریان بکرێت، هەروەها ئایە تا چەند ئاستی بەکارهێنانی کەرەستەکان و شێوازی پاراستنی وەک پێویست بۆ ئێسکەپەیکەرەکان لێکۆڵینەوە لەسەر یان دابین کراوە؟

**2. 1 گرینگی توێژینەوە:** گرینگی ئەم توێژینەوەیە چەند لایەنێک لە خۆ دەگرێت لەوانە: دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ناسینی مێژووی شارستانیەتی هەر پێگەیەکی کۆن کە لە ئێستادا پشکنین لەسەریان دەکرێت، بە دیاریکراوی ئەو پێگانەی کە پاشماوەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، لەبەر ئەوەی زانیاری نوێ دەخاتە ڕوو بۆ ناسینی ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی وجیاوازیەکانی، هەروەها ئێسکوپروسکی ئاژەڵی لە زۆرێک لەو شوێنانە دەبێتە سەرچاوەی زانستی جۆری ئەو ئاژەڵانەی کە لە ڕووی ئابووری و پیشەییەوە سەرچاوەی ژیانی مرۆڤی کۆن بووە.

**1.3 ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیە لە لێکۆڵینەوە و وابەستەکردن و ناساندنی پێگە شوێنەواریەکانی کوردستانی عیراق بۆ بەر دیدی شوێنەوارناسان وئارەزوومەندانان لەو بوارە، بەڵام وەک ئەوەی دیاری کراوە مەبەست لەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤە کۆنەکانە تێڕوانینمان لەسەر ڕوانگەی ئەوانەوە لەو سەردەمانە لە ڕووی چۆنیەتی و شێوازی ناشتنی مردووەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1.4 خوێندنەوەکانی پێشوو:** مەبەست لە خوێنەدنەوەی پێشوو دەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوانانەیە کە لە ڕاپۆرتەکانی هەڵکۆڵین بۆ شوێن پێگەکانی شوێنەواری هەڵکۆڵینی تێیدا ئەنجام دراوە لە سەدەکانی ڕابردوو نوێدا، کە لە تەوەری یەکەمی ماستەر نامەکەمدا لە ئەنجامی کۆکردنەوەی مشتەکان و ڕاپۆرت و دەرەئەنجامەکان لە پێگە شوێنەواریەکانی پێش مێژوو ئەنجام دراون بە دەست گەیشتوون. دوای لێکۆڵینەوەو تیرامان لەسەر بابەتەکە لێتریچەر ڕیڤیوی پێشوو بەدیاری کراوی توێژینەوەیەک لەسەر هەمان بابەت بڵاوکراوەتەوە بە زمانی عەرەبی لە کۆلێژی شوێنەوار زانکۆی موسڵ ساڵی ٢٠٢٠ لەژێر ناونیشانی( الهياكل العظمية و دورها في الكشف الأثاري في مواقع عصور ماقبل التأريخ في العراق- نماذج منتخبة ص٨٠)، خاڵە گرینگەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: **١-** لێکۆڵینەوە لە ئێسکەپەیکەری دۆزراو لە پێگە شوێنەواریەکانی پێش مێژووییەکان و چۆنیەتی ناشتنی لاشە لە نێو گۆڕەکان واتە شێوازی لاشەکان چۆن دانراون وەک شێوەی (القرفصاء) واتە نووشتاوکە بە زۆری لە گۆڕی منداڵ بەدی کراوە لەنێو گلێنەی قەبارە گەورە ئەو کەلوپەلانەی لەگەڵیان دانراون وەک ئاماژەیەکە بۆ گرینکی و ناسنامەی کەسیاتەیەکان کە ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمانەن لە ئێستادا، وەیاخود لەژێر نیشینگەکان و شوێنی نیشتەجێ بوون ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی کۆمەڵگا کۆنەکان دەردەخات وەک ئاماژەیەک بۆ ڕێوڕەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتی.

**٢-** ئاماژە بە پاشماوە شوێنەواریەکان دەکات کە بە درێژایی تێپەڕبوونی سەردەمەکانەوە ماونەتەوە بەهۆی دۆزینەوەی هەڵکۆڵینی نوێ و ڕێکخراو لە پێگە جیاوازەکان(پەناگە بەردینەکان، نیشینگەکان، گوندە سەرەتاییەکان) دەرهێنراون لە هەموو بوارەکانی هونەری سەرچاوە نووسینەکان و گلێنەو ئێسکی ئاژەڵ و مرۆڤ.

**٣-** خۆ گونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەو سروشتی دەوروبەری کە کاریگەریکی بەرچاویشی هەبووە لەسەر پێگەکان بە پێی تێپەڕبوونی کات بووتە هۆی مانەوەی پاشماوەی ئێسک، بەتایبەتی لەبەشی باکووری میسۆپەتامیا بەهۆی فێنکی و شێداری دۆخی ماماناوەند.

**٤-** پێگەکانی چاخی بەردینی نوێ پاشماوەی زیاتر بە دەستەوە دەدەن، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی یەکەمیان بووژانەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤی کۆن لەجۆری (نیاندرتاڵ) کە لە چاخی بەردینی کۆن تا چاخی بەردینی ناوەڕاست ژانیان سادەو لە ئەشکەوتەکان بەسەر بردووە لەگەڵ ئاژەڵە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێویەکان بەبەراوورد لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤی ژیر لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمەکان، دووەمیان بەهۆی دەرکەوتنی گوندە کشتوکاڵیە سەرەتاییەکان وەک چەرمۆ، حەسوونە، سامەڕا، گردی صەوان.

**1.5 سنووری توێژینەوە:** سەبارەت بە سنووری توێژینەوەکە بریتیە لە: دۆزینەوەی ئێسکوپروسک لە ژێر ڕۆشنایی کنەوپشکنین نوێی شوێنەواری لە پێگە شوینەوارییانەی کە سەردەمیان دەگەریتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو، وەک (ئەشکەوتەکانی قەدپاڵی چیای زاگرۆس پاڵەگەورە، شانەدەر، گردە شوێنەواریەکان وەک گردی قالینج ئاغا، گرد لەشکر ، گرد ناد، نیشینگە سەرەتاییەکان وەک بێستانسوور، چەرمۆ).

## 1.6 پێناسەی زاراوەکان:

**Anthropology:** ووشەیەکی یۆنانیە ئەنترۆپۆس: مرۆڤ لۆجوس: زانست (زانستی مرۆڤناسی). هەموو ئەو لێکۆلینەوانە دەگرێتەوە کەلەبارەی مرۆڤ و زانستی تەشریحی یاخود پەیوەندی و بەها کۆمەڵایەتیەکان، جگە لەمەش ئەم زاستە پەیوەندی بە لێکۆلینەوە لە کۆمەڵگا کۆنە سەرەتاییەکان هەیە کە چۆن ژیاون چۆنیەتی خۆ گونجاندنیان لەگەل ژینگەی دەوروبەر بە واتایەکی تر هەموو ئەو لایەنانەی کە لە فیزیکی مرۆڤ روودەدەن بە پێی کات و سەردەم و بیروباوەری ئایینی و کۆمەڵایەتی دەورێکی گرینگی هەیە لە زانستی شوێنەواریش لەهەمان کاتدا.(ئامێدی، ٢٠٠٧،ص٣٨).

**Zoo Archaeology:** بریتیە لە سیستەمێک بۆ خوێندن لەبارەی پاشماوەی ئێسک و پروسکی ئاژەڵ لە دەوروبەری شوێنێکی شوێنەواری وەیاخود لە کاتی هەڵکۆڵین بەشێوەیەکی ڕێکەوت دەردە-هێندرێت، گرینگی ئێسکی ئاژەلی دۆزراو لە پێگەیەکی شوێنەواری بۆ شوێنەوارناسان زۆربەی جار بۆ زیاتر تێگەیشتنی ژیانی ڕابردووی مرۆڤەکانە مامەڵەیان لەگەڵ چ جۆرە ئاژەڵێک کراوە چ جۆرە سوودێکی ئابووری و ڕۆژانەیی هەبووە بە تایبەتی لە سەردەمەکانی چاخە پێش مێژووییەکان سەردەمە مێژووییەکان دا کە مرۆڤە کۆنەکان لەگەڵ ئاژەلی کێوی ژیانیان بردۆتە سەر بەبەراوورد لەگەڵ مرۆڤی ژیر لەسەردەمەکانی تر.(Driver,2011,p19).

**Stone tools:** بریتیە لە ئامرازی دروست کراوی بەشێک یان هەموو بەشەکانی لەبەرد دروست کراو، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە یەکەم داهێنانی گرینگ دادەندرێت کە مرۆڤ دروستی کردبێت بە درێژایی مێژوو جۆرەها ئامرازی جیاواز دروست کراون وەک سەری ڕم و تیر و چەقۆ و بەردی شکاندن و هاون دەفری قەبارە جیاواز و شانە کە بۆ جۆرەها مەبەست سوودی لێ وەرگیراوە.(الدباغ، ١٩٨٥، ص٩٩٩ ).

**Pre-Historic** سەردەمێکی دوورو درێژ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، سەردەمی کۆتایی هاتنی چاخە پێش مێژووییەکان لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینی لەدوای ئەو سەردەمە نووسین دەرکەوتووە.(رشید،٢٠٠٤،ص٢٧).

## 2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### 2.1 تەوەری یەکەم: کاریگەری ژینگەی سروشتی کوردستان لەسەر پاراستنی ئێسکە پەیکەر:

ناوچەکانی کوردستان لە کۆنەوە پەناگەو شوێنی حەوانەوەی مرۆڤ بووە، بەڵگە شوێنەوارییەکان دەریخستووە کە دەستپێکی بنەماکانی شارستانیەت بۆ یەکەم جار لەم ناوچەیە سەری هەڵداوە چونکە ژینگەی سروشتی و کەش وهەواکەی تا ڕادەیەکی باش گونجاوو یارمەتیدەربووە بۆ مرۆڤ، بەتایبەتی ناوچە شاخاوییەکان هەر بۆیە لە چاخەکانی بەردینی کۆنەوە مرۆڤی تێداجێگیر بووە، دۆزینەوەی پاشماوەی ئێسکو پروسک و کەل وپەل وئامێری بەردینی جۆراو جۆر بەئەندازەیەکی زۆر لە ئەشکەوت و پەناگە بەردینەکانی وەک ئەشکەوتی شانەدەر ناوچەی برادۆست لە سنووری پارێزگای هەولێر، ئەشکەوتی هەزارمێرد و زەرزی و پاڵە گەورە لە پارێزگای سلێمانی، ئەمانە گەواهی ئەوە دەدەن کە ناوچەکانی کوردستان هەر لە کۆنەوە وێستگەی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ بووە. بێگومان هەڵکەوتەی شوێن وپێگەی گرنگی جوگرافی کوردستان لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی مرۆڤی کۆن بەجێهێشتووە، ئەمەش وایکردووە کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لەبواری ژیانی ئابووریدا لەم ناوچەیە روبدات(رشید، ١٩٩٠،ص٢١). کاریگەری ژینگە لە چاخە کۆنەکاندا زۆر زیاتر بووە بەبەراوورد لەگەڵ ژینگەی ئێستادا، بۆیە پێگەی جوگرافی عیراقی کۆن ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە لەبەیەکەوە بەستنەوەی قارەکانی جیهان بەتایبەتی ئەفریقیا و ئاسیاو ئەوروپا، ئەمەش بووەتە ئامرازێکی بەهێزبوونی پەیوەندی بازرگای و ئاڵوگۆڕی فیکری و ئاینی، لەبەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی عیراق دەکەوێتە نێوان دوو خولگەی پێچەوانەوە یەکیان باکووری خۆرهەڵات کە ناوچە شاخاویەکانە ئەوەی تر ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوا واتە بیابان و دەشت و دۆڵەکان کە بەشێکە لە ڕۆژهەڵاتی کۆن(سلیم،٢٠١١،ص٢٦-٢٥). شایەنی باسە لە دوای گۆڕانکاریە جیۆلۆجیەکانی چاخی پلایستۆسین[1] چاخێکی نوێ دەست پێ دەکات کەژیانی مرۆڤ شێوازێکی سەرەتا لەنێو ئەشکەوت دەستی پێ کردووە، بەڵام لە چاخی بەردینی نوێدا (٥٠٠٠ - ١٠,٠٠٠ساڵ پ.ز) مرۆڤ دەست بەرداری ژیانی ئەشکەوتەکان دەبێت و جموجۆڵی سەرەتایی لە نیشینگەکان دەست پێدەکات، سەبارەت بە هەڵکەوتەکەی شوێنی جوگرافی کوردستان کاریگەری لەسەر سروشتی ناوچەکە هەبووە بەتایبەتی بە پشت بەستن بە بەڵگە شوێنەواریە ماددیەکان لە ناوچە جیاوازەکاندا.(ابراهیم ،٢٠٠٨،ص٧). پێکهاتەکانی ژینگەی سروشتی کاریگەیەکانی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك دەگۆرێت بە پێی سروشتی ئەو شوێنە، وەك بەرزی و نزمی و گۆڕانکاری لە پلەی گەرمی، ئەم فاکتەرانە هەمووی کاریگەری جێهێشتووە لەسەر ڕێژەی بوونی ڕووەکی سروشتی و جۆری ئاژەڵەکان، بە گوێرەی ئەو لێکۆلینەوانەی کە لە بواری جیۆلۆجی بەشێکی لە ناوچەی چیاکانی زاگرۆس تاوەکو کەناراوەکانی ڕۆژهەلاتی خواروو ئەنجام دراون ئاماژە بەوە دەکات کە ئاوو هەوای نیمچە دوورگەیین.(سلیمان،١٩٩٢،ص١٠)، سەبارەت بە ژینگەی ئێستای باکوورو باشووری عیراق ئاوو هەوای دەریای ناوەڕاست بارانی وەرزی و ووشکی و گەرمی لە هاویندا بۆیە لە ڕووی تۆپۆگرافیاو گەشەکردنی ڕووەک وشێداری خاکەکەی بە درێژایی ساڵ ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بەردەوامی خۆ گونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری گومانیش لەوەدا نیە کە خاکی میسۆپۆتامیا پێشەنگ بووە لە سەرهەڵدانی بنەماکانی شارستانیەت(الدباغ ،١٩٨٥،ص٢١). بە گشتی گۆڕانکاری ژینگەی کوردستان لە سەردەمە کۆنەکان لە دوای چاخی بەردینی نوێ بووژانەوەی ئەوتۆ تۆمارکراوە لەڕووی پلەکانی بەرزی و نزمی گەرمی ووشکی و شێداری وە ئەوە دەرکەوتووە کە هەمان ئاوو هەوای ئێستای هەبووە لە ڕووی مام ناوەندی و ڕێژەی باران بارینەوە کە بەئاوو هەوای ناوەڕاست و نیمچە ووشک وەرزی ناسراوە، لە هەموو ڕوویەکەوە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان ژینگەو زانستی شوێنەواردا کاریگەری لەسەر شێوازی پاراستن و مانەوەی پاشماوە شوێنەواریەکان هەیە. (Bosomworth,2020,p37). دەستپێکی زانستی شوێنەوار لە سالانی ڕابردوودا لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەواری بەمەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر کراون بۆ تێگەیشتن لە ڕابردووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤی کۆن و شارستانیەتەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و ئەو پاشماوانەی ماونەتەوە بەڵگەی جموجۆڵی مرۆڤایەتی دەردەخەن. وەک ئاماژەمان پێکرد کە ژینگە دەورێکی زۆری هەیە لەسەر چۆنیەتی مانەوەی پاشماوە شوێنەواریەکان کە بەپێی بارودۆخی شوێنەکە و ئەو ماددەی لە ژێر زەوی دایە کە گومان لەوەدا نیە ماددە ئەندامیەکان زوو شی دەبنەوەو وەک ئێسک جلو بەرگ بەبەراوورد لەگەڵ قوڕ و کانزا کە بەرگەی زیاتر دەگرن ئەمەش لەباری ژینگەی کوردستان دەورێکی گرینگی هەیە بۆ پارێزگاری لە پاشماوە شوێنەواریەکان بە تایبەتی پاشماوەی ماددە ئەندامیەکانەوە. (آدكنز، ٢٠١٠،ص١٧-١٢).لە چوارچێوەی باسەکەدا لێکۆڵینەوە لەبارەی جوگرافی ناوچەیەک و شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ و دیاردە سروشتیەکان وەک کەش و هەواو دیاردە سروشتەکان و جموجۆڵی ئاژەڵ...هتد، هەموویان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی هەیە لەبارەی کاریگەریەکانی بۆ سەر مرۆڤ، وە پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و خۆگونجاندن بەو شێوەیە لێکۆلەری شوێنەواری تێگەیشتنی تەواوی دەبێت لەبارەی شارستانیەتە کۆنەکان(شنيتي، بدون تأريخ الطبع، ص٨-٦). بۆیە پێویستە لەسەر توێژەری شوێنەوارناس کاتێک لێکۆڵینەوە لەسەر دۆزراوێکی شوێنەواری دەکات دەبێت هەموو گۆڕانکاریەکان و کاریگەریەکان ڕوون بکاتەوە لە سروشت ڕووی داوە لەوانە گۆڕانکاری لە ڕێڕەوی ڕووبارەکان و لقەکان بەتایبەتی لە ماوەی چاخی جیۆلۆجی لە ناوچەکانی کوردستان کە ئەو گۆڕانکاریانە ڕەنگدانەوەی زۆربوون و بە پیت بوونی زەوی کشتوکاڵین کەلەلایەن مرۆڤەوە لەچاخەکانی پێش مێژوو بەکارهێنراون(آدكنز، ٢٠١٠، ص٣٥). هەربۆیە لەبەشێکی زۆری دەشت و بانەکانی هەرێمی کوردستان پاشماوەی ژمارەیەک پێگەو نیشنگەی سەرەتایی لەئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەواریی دۆزراوەتەوە، ئەو بەڵگە شوێنەوارییانەی کە لەو شوێنانە بە دەست گەیشتوون ئاماژە بە دەستپێکی داهێنان لە بواری ئابووری و تەکنیکی بیناسازی دەکات، وەک زاوی چەمی و کەریم شەهر و مەلەفەعات و چەرمۆ. (لويت ،١٩٨٠، ص٣٠٠).

## 2.2 دەرئەنجامی ئەو پرۆسانەی کە لە ساڵانی ڕابڕدوودا لە هەندێ شوێن پێگەی شوێنەواری لەلایەن تیمەبیانیەکانەوە کاری تێدا کراوە لە گرینگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**١-ئەشکەوتی هەزارمێرد:** ئەم ئەشکەوتە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن پێک هاتووە لە چەند ئەشکەوتێکی قەبارەی جیاواز بەڵام هەزارمێرد گەورەترینیانە بە ئەشکەوتی تاریک ناوبراوە

بەگشتی لە کنەو پشکنینەکانی سەرەتای دەست پێ کردنی هەڵکۆڵین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەرێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ناوچەی زاگرۆس و دەورەبەریەوە کاری هەڵکۆڵین لە لایەن شوێنەوارناس(دۆرقی گاروود) بۆ بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە کراوە، شوێنەواری ئەشکەوتەکانی چیای زاگرۆس دەگەرێنەوە بۆ چاخی بەردینی کۆنساڵی ١٩٢٨ دا گەیشتونەتە سێ چین کۆمەڵێک ئامرازی بەردین ئێسکو پروسکی مرۆڤ و ئاژەڵی کێوی دۆزراوەتەوە هەروەها ئێسکی مرۆڤی کۆن بەڵگەی ئەوەن کە ئەو شوێنە لە چاخە بەردینەکان وەک پەناگەیەکی بەردین بەکارهێنراوە لەلایەن مرۆڤ.

٢- **ئەشکەوتی زەرزی:** لە زنجیرە ئەشکەوتەکانی چیای سورداش لەباری ئاوو هەوا وای کردووە مرۆڤ وەک سەرچاوەیەکی نیشتەجێ بوون لەو شوێنە جێگیر ببێت بۆ ماوەیەکی کاتی، لەم ئەشکەوتە ئامرازە بەردینەکان ووردترو ڕێکتر دەرکەوتووە کەبە (میکرۆلیثیک) ناسراوە کە بەڵگەی ئەوەن بە پێی تێپەڕبوونی کاتەوە مرۆڤ داهێنانی بەرەو پێش چووە لەگەڵ دۆزینەوەی بەشێکی زۆر لە ئێسکو پروسکی ئاژەڵی کێوی.

**٣- ئەشکەوتی شانەدەر:** ئەشکەوتی شانەدەر یەکێکە لە گرینگ ترین ئەشکەوتەکانی کوردستان کە ناوبانگیەکی جیهانی هەیە لەڕووی دەست کەوتە شوێنەواریەکان بەتایبەتی لە دوای دۆزینەوەی پاشماوەی چاخە بەردینە کۆنەکان لەبەرئەوەی بارودۆخی ئاوو هەوا لەبارو گونجاو بووە بۆ ژیان لە زستان تیشکی ڕۆژ لە نێو ئەشکەوتەکەی داوە لە هاویندا پلەی گەرمی مام ناوەند جگە لەوەش شوێنی ئەشکەوتەکە لە ڕووی نزیکی لە سەرچاوەی ئاو بە دووری ١٣٥م کانی بەتکا کە لە کاتی بێ ئاوی هاوینە سوودی لێ وەرگیراوە، هەروەها دەروازەیەکی گەورەی شێوەی سێگۆشەیی لە ناوەوەدا شێوەی لاکێشەیی هەیە درێژی دەرگای ئەشکەوتەکە ٨٢ پێ دەبێت و ٢٥م بەرزی بە شێوەیەکی دیار ئاستەنگ دەبێتەوە، ئەمەش پێدەچێت توشی دارمان بووبێت لەکۆندا. (ئامێدی ،٢٠٠٧،ص١٤٧). وێنەی ژمارە(١).


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە(١) ئەشکەوتی شانەدەر (ئەنسکلۆپیدیای هەولێر، ٢٠٠٩).

هەڵکۆڵین ئەنجام دراوە لە ساڵانی ڕابردوودا (١٩٦٠-١٩٥١ز)، لەلایەن زانای شوێنەوارناس ئەمریکی(رالف سۆلیکی) بەگشتی گەیشتۆتە ١٥ مەتر قوڵی و چوار چینی سەرەکی کەبە چینی (A,B,C,D) ناسراون، لە هەر چینێدا شوێنەواری ئامرازی بەردینStone tools و سەردەمی چاخەکان دیاری کراوە، لە هەموویان گرینگتر چین **چینی D** مێژووەکەی بۆ چاخی بەردینی کۆنی ناوەڕاست دەگەرێتەوە Middile paleolithic بەهۆی (کاربۆن ١٤)[٣] توانراوە دیاری بکرێت، بە کەوتنی بەردەوام پارچە بەردی گەورە لە سەقفی ئەشکەوتەکە لەوانەیە کاریگەری بوومە لەرزەوە بووبێت بە بەردەوامی داڕماوە، لەژێر چینی ئەو بەردانەوە پاشماوەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ[٤] دۆزراونەتەوە کە لە وەرزە جیاوازەکانەوە کاری لێ کراوە (Solecki,1952,p141). لە ئەنجامدا نۆ ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ کە گشتیان کەسی پێگەیشتوو دووی منداڵ بوون. هێلکاری ژمارە (٢) کە تایبەتە بە شوێنی هەڵکۆڵینی سەدەی ڕابردوو ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵی لێ دۆزراوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




هێلکاری ژمارە(٢) هەڵکۆڵینەکانی سەدەی ڕابردوو شوێنی ئێسکەپەیکەرەکانی شانەدەر(نیاندرتاڵ) نیشان دەدات.(أبو الصوف،١٩٨٥،ص٩٤).

**چەند نموونەیەک لە نیشینگە سەرەتاییەکان:** **١- زاوی چەمی شانەدەر:** لەم نیشینگەیە مرۆڤ دەست بەرداری ژیانی ئەشکەوت بووە بە شێوەیەکی کاتی و لە وەرزی هاوین لەو شوێنە نیشتەجێ بوونەو جۆرەها ئاژەڵی ماڵی و سوودی ڕۆژانەی هەبووە لە ئەنجامی پشکنینی شوێنەوارناسی ئەمریکی(رالف سولیکی) بۆ چەندین پاشماوەی ئیسکی ئاژەڵی ماڵی وەک مەڕ وبزن بەخێوکراوە ئێسکەکانیان هەڵگیراون، ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەی دڕندە وەک داڵ(هەڵۆ) تێبینی کراوە تەنها بەشێک لە لاشەی باڵندەکان لەسەر یەک دانرابوون وەک ڕێوڕەسمێکی ئاینی و دەربڕینی هێزێک بەرامبەر بەو جۆرە باڵندانە پەیرەو کراوە (Perinks,1960,p77).

**٢-گوندی چەرمۆ:** شوێنەواری گوندی چەرمۆ لە نیشنگە سەرەتاییەکانی کە کشتوکاڵی لێ بەدی کراوە بەهۆی پاشماوەی دۆزینەوەی تۆوی گوڵ و درەخت، جگە لەوە ئێسکوپروسکی ئاژەڵی ماڵی وەک مەڕ بزن دۆزراوەتەوە، ئەمانە بەڵەگەی ئەوەن کە مرۆڤ لە گۆڕانکاری بەردەوام دابووە بە شێوەیەکی بەرچاو.(Braidwood,1954,p 120).

### 2.3. تەوەری دووەم: ئێسکەپەیکەر لەبەر ڕۆشنایی هەڵکۆڵینی نویٚ لە پێگە شوێنەواریەکانی پێش مێژوو لە کوردستانی عیراق

هەڵکۆڵینی شوێنەواریی لەم ساڵانەی دوایی دابە شێوەیەکی بەرچاو دەستی پێکردووە لە چەند شوێنێکی دیاریکراو، توێژەر لە بواری شوێنەوار لەسەر بنچینەی دوو هەنگاوی سەرەکی لە ماوەی هەڵکۆڵینی شوێنەواری جێ بەجێ دەکات: یەکەمیان دۆزینەوەی پاشماوەکان کە لەڕابردوو بەکارهاتوون بە ڕێگای زانستی نویٚ وە، دووەم لێکۆڵینەوە تاقی کردنەوەی ئەو پاشماوانە بەمەبەستی زانینی مێژووی گەلانی کۆن. بەمانایکی تر زانستی شوێنەوار گرینگی بە لێکۆڵینەوەی پاشماوەی ماددی مرۆڤ دەدات کەلە کۆندا مانلەوانە ئێسکەپەیکەری مرۆڤ و پاماوەی تری وەک ئامرازو ئامێرو گلێنەو ...هتد. لێرەدا تیشکێک دەخەینە سەر شوێنەواری ئەو ناوچانەی کە مرۆڤ لە کۆنەوە هەڵی بژاردووە وەک شوێنی نیشتەجێ بوون و خۆپاراستن لە دیاردەی سروشتی کەشو هەوا کە ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر جێگیربوونی مرۆڤ لە شوێنێک بۆ شوێنکی تر هەموو لایەنە جیاوازەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کاریگەری لەسەر شێوازی ژیانی دا هەبووە.(أبو الصوف، ٢٠١٠،ص٥٦). لێرەدا گرینگی ئەو لێکۆڵینەوانە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەرکەوتووە بەشێوەیەکی بەرچاو کە لە لێکۆڵینەوە جیۆلۆجیەکان دەرکەوتوونە بە پێی بوونی پاشماوەی ماددی لە ئەشکەوتەکان و پەناگ بەردینەکان کە بۆ خۆ حەشاردان بەکارهێنراون وشوێنی نیشینگەکان و چەندین پێگەی شوێنەواری لە ناوچەکان بەتایبەتی زاگرۆس لە کوردستانی عیراق (رایت، ١٩٧٨، ص١٢)، لە دوا بە دوای کاری هەڵکۆڵین لەو ناوچانەوە شوێنەوارناسان توانیویانە ڕێژەی ووشکی و بارانی ساڵانەی بەدرێژایی تێپەڕبوونی سەردەمەکان دیاری بکەن جگە لە دیاری کردنی جموجۆڵی مرۆڤ بە درێژایی ژیانیان بەهەمان شێوە،(رایت، ١٩٧٨،ص٣٨-٣٦).

### 2.4 لە گرینگ ترین کارو هەڵکۆڵینەکانی نویٚ بۆ پێگە شوێنەواریەکانی پێش مێژوو لەم چەند پێگەیەی خوارەوە دیاری کراون:

**یەکەم: هەڵکۆڵینی نویٚ لە ئەشکەوت و پەناگە بەردینەکان: ١- ئەشکەوتی شانەدەر:** لە پڕۆسەی یەکەمی ئەنجامی هەڵکۆڵینەکانی شوێنەواری بەمەبەستی زانینە لە قۆناغەکانی پەیدابوونی مرۆڤی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتا یاخود مرۆڤی کۆن لەپێگە جیاوازەکانی کوردستانی عیراق کە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چاخی بەردینی کۆن، شوێنەوارناسان هەوڵی ئەوەیان داوە کە ئەو ئامراز و ئێسکو پروسکیە ئاژەڵیانە لە هەمان شوێن کە لەگەڵیان دۆزراوەتەوە بەڵگەی ئەوەن لە کۆندا ئاژەڵیان ڕاوکردووە وەک سەرچاوەیەکی خۆراک بەکاریان هێناوە ئامرازەکانیش زۆربەی زۆری وەک سەری ڕم و تیرو ئامرازی نووک تیژ بۆ بڕین بەکارهێنراون، هەروەک ئاماژەمان پێکرد کە ژینگەی کوردستان کاریگەری لەسەر مانەوەو پاراستنی پاشماوەی ئێسکوپروسکی مرۆیی و ئاژەڵی هەبووە بەشێوەیەک لە هەموو پێگەکان تا ڕاددەیەک لە بارێکی باش دان. بەڵگەش بۆ ئەمە دۆزینەوەی کۆنترین ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر لەگەڵ پاشماوەی تۆوی گوڵ کە شوێنەوارناسان لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکەن کەلەوانەیە وەک ڕێوڕەسمێکی ئایینی سەرەتایی بێت بەو شێوەیە مردووەکان نێژراون. (کورهان،١٩٦٩،ص٧٤٣-٢٧٤). سەبارەت بە پرۆسەی هەڵکۆڵینی نوێی لە ئەشکەوتی شانەدەر بە هاوکاری بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەولێرو تیمێکی بیانی ئەمریکی، بۆ کاری کنەوپشکنینی پاشماوەی ئێسکوپروسکی مرۆڤی نیاندرتاڵ کە ئایا چۆن ئەم مرۆڤە بەرگەی ئەو گۆڕانکاریە ژینگەییانەی گرتووە کەبەسەر ناوچەکاندا هاتووە، دووبارە لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوە بە شێوەیەکی سەردەمیانە لە پێکهاتەو ئامرازەکان کرا دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەئەنجامی بارودۆخی ئەمنی ناوچەکە ڕاگیرابوو بۆماوەیەک بۆیە لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ جارێکی تر پرۆسەی هەڵکۆڵین لەم ناوچەیە دەستی پێکردەوە، وێنەی ژمارە(٣)، لەم هەڵکۆلینەدا نزیکەی ١٠ مەتر زیاتر لەهەمان شوێنی هەڵکۆلینی پێشوو خەندەقێک بە قوڵی ٤ مەتر لەپاش هەڵگرتنی خۆڵ و خاشاک و پاشماوەی بەرد کەلە سەقفی ئەشکەوتەکە کەوتبوون، لەو بەشەی سەرەکیەی کە پێشتر کاری لێ کرابوو ساڵی ١٩٦٠، لە ئەنجامدا چەندین پارچە ئامرازی بەردین و ئێسکی ئاژەڵی بە خەلوز بوو هەورەها تۆوی جۆرەها ڕووەک دۆزراوەتەوە، ئەوەی شایەنی باسە لە هەڵکۆڵینەکان بۆ جارێکی تر ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ دۆزراوەتەوە لەشوێنی هەڵکۆلینەکانی پێشوو .(Reynolds,2015,p370).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




وێنەی ژمارە(٣) هەڵکۆڵینەکانی سەدەی ڕابردوو، سەردەمی نوێ نیشان دەدات لە ئەشکەوتی شانەدەر(Photo by:Emma Pomeroy,2020,P14).

دۆزینەوەی ئەم ئێسکەپەیکەرە لە ئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەواری ساڵی ٢٠١٧ کە ئێسکەکان بەشێوەیکی پەرشو بڵاو دۆزراونەتەوە، وێنەی ژمارە(٤).



وێنەی ژمارە (٤) ئێسکەپەیکەری نوێی مرۆڤی نیاندرتاڵ (Barker ,2020).

**٢- ئەشکەوتی پاڵە گەورە:** لە سێ ئەشکەوتی بچووک پێک هاتووە کە ٣٠ م لەیەکەوە دوورن لە بەرەی ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی بازیان لە بەرەی باکووری ڕۆژئاوای چیاکانی زاگرۆس، پێشتر کاری هەڵکۆڵین بۆ ئەم ئەشکەوتە کراوە کەلە ساڵانی ١٩٥١ کە پاشماوەی ئێسکو پروسکی مرۆڤ و ئاژەڵی کێوی و ئامرازی بەردینی لێ دۆزراوەتەوە، لە بەردەوامی کاری هەڵکۆڵینەکانی نوێ لەم ئەشکەوتە ساڵانی ٢٠١٧-٢٠١٦ پاشماوەی ڕەگی ڕووەک بەهۆی بوونی سەرچاوەی ئاوو لەناوچەکەوە شێداری بەباشی و ئێسکی

ئاژەڵی لێ ماونەتەوە کە بەهۆی بەکارهێنانی کاربۆن ١٤ توانراوە سەردەمی دیاری بکرێت بۆ سەردەمی پلایستۆسینی دووەم، جگە لەمانە ئامرازی بچووکی لە ئێسکی ئاژەڵ دروست کراو ئێسکی ئاژەڵە شیردەرەگەورەکان کیسەڵ جۆرەها ماسی پێشتر لەو ناوچەیە ڕێڕەوی ئاو هەبوە.(Asouti,2020,p1-2).

**دووەم: نموونەی گردو تەپۆلکە شوێنەواریەکان، بەنموونە**

**١- گردی قالینج ئاغا:** گردێکی شوێنەواری پێش مێژوو لەشاری هەولێر، لە بەرزاییەکی دیاری کراو لەبەر پارێزگاری لە هۆکاری جۆراوجۆر، بەهۆی دۆزینەوەی ئەو کەلوپەلانەوە توانراوە قۆناغە شارستانیەتەکانی ئەم گردە دیاری بکرێت کە مرۆڤ نیشتەجێی بووە لەنێوان هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پێش زاینی، ئەو کەلو پەلانەی کە دۆزراونەتەوە گوزارشت لە شێوازی ژیانی سەردەمە کۆنەکان دەکات. لەگەڵ زۆربەی گۆڕەکان بەردی بە نرخ و ملوانکەی زێڕ دۆزراوەتەوە لێرەدا دەردەکەوێت گرینگیدان بە پیشەی هەندێ جۆر کانزا وە ئاستی پێشکەوتن و لێزانینی مرۆڤ لە چاخە پێش مێژووییەکان دەردەخات. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو جۆرە بەردە گران بەهایانەی لەگەڵ تەرمی مردووەکان ئاماژەیە کە ئەم پێگەیە لەو سەردەمە بایەخی زۆریان داوە وبابەتی کلتوری جوانکاری وڕازاندنەوەی مردووەکان کە هەندێک لەو بەردانە خۆجێین و بەشێکیشیان لە دەرەوەو بە ڕێگای بازرگانی هێنراون، گۆڕو گلێنەی قەبارە گەورە دۆزراوەتەوە کە زۆربەیان ئێسکوپروسکی منداڵی لەنێو نێژراون.(Abu Al Soof,1966,p77-78). شایەنی باسە شێوەو قەبارەی گۆڕەکان بریتین لە بنکی خڕو شێوە بازنەی گەورە سەری کراوە شێوەی سادەو لە قوڕێکی زبر کە بەگشتی منداڵی تەمەن بچوک نێوان ٥-٢ ساڵ دەبوون لەسەر شێوەی (القرفصاء) واتە نووشتاو وەک ئەوە بێت لە سکی دایکی بێت جۆرەها بووکەڵەی قوڕین لەگەڵی دانراون.(ڕاپۆرتی گردی قالینج ئاغا، ٢٠٠٩، لاپەڕە ٧) لەوە دەچێت بەمەبەستی قوربانی کردن بێت وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگی دان بە منداڵەکە و لایەنی سۆزو خۆشەویستی یاخود بەهێزی لایەنی ئایینی وەهەندێ جار وا لێکدانەوەی بۆ کراوە کە بەپێی دۆزینەوەی کەل و پەلی بەنرخ لەنێو گۆڕی منداڵەکان لایەنی بەهێزی ئابووری هەندێک لە خێزانەکان نیشان دەدات لەبەر ئەوەی بەشێک لە گۆڕەکان هیچ کەلو پەلێکی لەگەڵدا نەدۆزراوەتەوە (الحجارة، ١٩٧٣،ص١٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-گرد لەشکر:** ئەم گردە دەکەوێتـە نێوان کەسنەزان و بنەسڵاوە بە ڕووبەری ٤ دۆنم وبەرزیەکەی ١٢ مەترە، گردی لەشکر ساڵی ١٩٧٦ لەسەر نەخشەی عیراق وەک پێگەیەکی شوێنەواری گرینگ هەژمار کراوە، کاری هەڵکۆڵینی سەرەتایی لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠١٤ هەندێ پاشماوەی پارچە گۆزەی سەردەمی چاخی بەردینی نوێ و برۆنزی و نەینەوا پێنج و سەردەمی عوبێدی تێدا دۆزراوەتەوە. بەڵام لە پرۆسەی هەڵکۆڵینی ساڵی ٢٠١٥ جگە لە پاشماوەی بیناسازی و گلێنەی جۆراو جۆرو و تۆوی دانەوێڵەی تێیدا بەدی کراوە چەندین گۆڕو پارچە ئێسکوپروسکی مرۆڤ و ئاژەڵەماڵیەکان ئاژەڵی دەریاییەکان و ماسی لەبەر ئەوەی ئەم شوێنە ڕێرەوی ئاوی پێداڕۆیشتووە لە کۆندا لە هەموو سێکتەرەکان دۆزراوەتەوە لە ماوەی هەڵکۆڵینەکەدا (Molist,2019,p19)، هەووەها ئێسکی ئاژەڵی کێوی وەک بەراز وبزنە کێوی تێبنی کراوە زۆربەی ئەو ئاژەڵانە پەیکەریان بۆ دروست کراوە لەشێوەی بووکەڵەی قوڕین کە لەوانەیە بەمەبەستی پیرۆزی بێت یان وەک جوانکاری بەکارهاتوون.(Molist,2016mp16). شیکاری بۆ دۆزراوەکانی ئێسکی ئاژەڵیەکان ( Zoo Archaeology) کراوە، کە نزیکەی ٣٤٠ پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵی بریتی بوو بێگومان ئەم جۆرە ئاژەڵانە سوودی ئابووری هەبووە.(مۆلیست ،٢٠١٧،ل٢٣). بەگشتی دوای دیاریکردنی سنووری گردەکە لەڕووی تۆپۆگرافیا و ئاڕاستەکان هەموو چینەکان هەڵکۆلینی ئەم وەرزەدا ٩ سێکتەر دیاری کراوە لەوانە چەندین پاشماوەی جۆراو جۆر دۆزراوەتەوە هەر وەک ئاماژەمان پێدا، لە هەموویان گرینگتر سێکتەری سێیەم بووە کە زۆرترین نموونەی گۆڕی دۆزراو لە شوێنی جیا جیا نیشتەجێ بوون دۆزراونەتەوە کە لە دوای تێبنی کردن دەرکەوتووە زۆربەیان لەسەر شێوەی دانیشتن نێژراون یاخود نووشتاون وێنەی ژمارە(٥)، لەنێو چوارچێوەیکی خشت دەروە دراون وەک دیاری کردنی سنووری گۆڕەکە، وێنەی ژمارە(٦).



وێنەی ژمارە(٥) ئێسکەپەبکەری شێوەی نووشتاولە گرد لەشکر(مۆڵیست ٢٠١٩).



وێنەی ژمارە(٦) ئێسکەپەکەری لەنێو چاڵێکی خشت (Molist ,2015)

هەندێکجار وەک چاڵێک هەڵکەندراوە تایبەت بووە بە گۆڕەکە و تەرمی ئافرەتێکی پێگەیشتوو تەمەن نێوان (٣٥-٥٠) ساڵ لەڕێگەی ددانەکانی و حەوز و ئێسکی کەللەی سەری توانراوە ڕەگەزی دیاری بکرێت بە ئاڕاستەی باشوور بۆ باکوور نێژراوە و لەنێو گۆڕەکە مورووە مۆرێکی لوولەیی و گلێنە لەژێر پێی تەرمەکە لەگەل گۆزەیەکی قەبارە مام ناوەند لەژێر پێیەوە پێدەچێت پەیوەندی بە هەندێ ڕێوڕەسمی ئاییینیەوە هەبێت، وەک قوربانی پێشکەش کرابێت وە لەنێو گلێنەکەش گۆزەیەکی تری قەبارە بچووک هەبوو کەوا مەزەندە دەکرێت بەکارهاتبێت بۆ هەڵگرتنی خۆراک و ئاو، چونکە بەبیروباوەڕی مرۆڤی ئەوکات لە دوای مردن بەکاریان بهێنێت، لە ڕێگای پشکنین لە تاقیگە لەسەر ئەو ئێسکەپەیکەرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرکەوتووە کە نەخۆش بووەو ئاسەواری شکان لە هەردوو قاچەکانی و شانی لای چەپی بەدی کراوە، لەکاتی دەرهێنانیدا ووردو پارچە بووە ئەمەش لەبەر بەرکەوتنی هەوای ووشک بە تێپەڕ بوونی کاتێکی زۆر.(مۆڵیست ،٢٠٢١،لا٧-٨)، وێنەی ژمارە(٧).



وێنەی ژمارە(٧) ئێسکەپەیکەری دۆزراو لە گرد لەشکر لەگەڵ گۆزەیەک(مۆڵیست، ٢٠٢١).

لە نموونەیەکی تری دۆزراوی گۆڕ لەنێو چوارچێوەیەکی دیاری کراو لەنێویدا چەند کەلوپەلێکی تێدا دۆزراوەتەوە وەک بەردی صەوان  پارچە گلێنەی رەنگاو رەنگ و پاشماوەی ئێسکی بەراز لەژێر پێی مردووەکە نێژراوە (مۆلیست،٢٠٢٢،لا٢٠). وێنەی ژمارە(٨).



وێنەی ژمارە(٨) ئێسکەپەیکەری تەواو  لە نێو چوارچێوەیەک  لە گرد لەشکر(مۆلیست٢٠٢٢).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوەی جێی باسە شێوەی ناشتنی بە کۆمەڵ (واتە لەیەک کەس زیاتر بەدی کراوە ) لەوانەیە لە دووکاتی جیاواز نێژرابن یاخود لەیەک کاتتدا بن وەک نموونەی دوو گۆڕی تر لەنێو چالێک بەخشت دەورەدرابوو، بە گوێرەی ئەو ئێسکەپەیکەرانەی یەکیان کەسێکی گەورە و ئەوەی تر منداڵێک بووە کە هەردووکیان بەیەک ئاراستە بریتی بوونە لە دوو تەرم گەنج و منداڵێک تەمەنی هەرزەکار لە نێوان ١٢-١١ ساڵی دابووە لە رێگەی گەشەی ددانەکانیەوە زانراوە وە لە دوای لێکۆڵینەوە پێدەچێت یەکەمجار گەنجەکە نیژرابێت دواتر منداڵەکە بەشێوەی باوەشی گرتوو بە ئاڕاستەی باکور بۆ باشور ڕووەو ڕۆژئاوا(مۆلیست ،٢٠٢١،لا٨) لەئەنجامی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کەئەو ئێسکەپەیکەرە ڕێوڕەسمیان بۆ کراوە قوربانیشیان بۆ پێشکەش کراوە، بەبەڵگەی بوونی هەندێک جۆر لەبەردی صەوان و بووکەڵەی قوڕینی شێوە ئاژەڵی بچووک وپارچە گلێنەی شکاو لەنێو گۆڕەکە. دوای لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دوو ئێسکەپەیکەرە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم شوێنە نیشینگەیەکی بچووکی سەردەمی نەینەوا 5، (مۆلیست،٢٠٢٢،لا١٧). وێنەی ژمارە(٩).




وێنەی ژمارە(٩) دوو ئێسکەپەیکەری تەنیشت یەک لە گرد لەشکر(مۆلیست،٢٠١٩ ).
(هێلکاری یەکەم لە ڕاپۆرتی ٢٠١٩، وێنەی دووەم لەلایەن توێژەر٢٠٢١ وەرگیراوە).

بەڵام تێبینی کراوە لە هەندێک بەشی گۆڕی دۆزراو وەک چالێک وابووە بێ ئەوەی چوارچێوەی هەبێت لە نموونەی دۆزراوی کەللەسەرێک شێوازی ناشتنەکەی بە ئاراستەی باکوور بووە لەگەڵ چەندین پارچە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گلێنەو پارچە بچووکی جۆراوجۆر لە ئێسکی ڕان و بڕبڕەی پشت و پەراسووەکان لە گەلی دا دۆزراوەتەوە. پێ دەچێت ئەم گۆرە داڕمابێت بەوهۆیەوە ئێسکەپەیکەرەکە تێک چوونێکی زۆری پێوە دیارە.(مۆلیست ،٢٠٢٢،ل١٩)وێنەی ژمارە(١٠).



وێنەی ژمارە(١٠) گۆری شێوەی چاڵ لە گرد لەشکر(مۆلیست،٢٠٢٢).

هەروەک نموونەکانی گۆڕی قالینج ئاغا لە نێو گۆزەی قەبارە گەورە لاشەی منداڵ نێژراوە سەرەکەی بە قەباغێک گیراوە، لەوەدەچێت کە شێوەیەکی ناشتنی منداڵی تازە لە دایک بوو باو بووە لەنێو گەلانی کۆندا، وێنەی ژمارە(١١).




وێنەی ژمارە(١١) نموونەی گۆڕی منداڵ لەنێو گۆزە لە گرد لەشکر(مۆڵیست،٢٠٢٢).

**٢- گرد نادر:** دەکەوێتە ناو یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر لە کەرتی زەوی پێنجی حەساڕۆک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر(Prelimminary Report,2011,p4).مێژوویەکی دێرینی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٨ هەزار ساڵ لەمەوبەر. ئەنجامەکانی هەڵکۆڵین لەم گردە ئاماژە بە بوونی چەندین شارستانیەتی جیاواز دەکات، کە کۆنترینیان شارستانیەتی حەسوونە (٦٠٠٠-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٥٠٠٠پ.ز)(محمد،٢٠١١،لا ٩). لە ئەنجامی هەلکۆڵینەکان لە وەرزی جیاوازدا چەند دەستکەوتێکی گرینگ لەبارەی جۆەرها پاشماوەی شوێنەواری دۆزراوەتەوە لەوانە: لێرەدا شێوازێکی ناشتنی مردوو لە گرد نادر بریتی بووە لە ناشتن لە نێو جەرڕەی قەبارە مام ناوەند، بەڵام جیا لە ئێسکی منداڵ کەسی پێگەیشتوو بوو بەشێوەی پارچەی پەرشوبڵاو تێکەڵ بە ئێسکی ئاژەڵ، لەنێو گۆزەیەک ئێسکوپروسکی ئافرەت لەگەڵ سێ ددانی سەگ نێژراوە کە پێدەچێت بۆ جوانی لەملی کرابێت وەیاخود وەک سیحروجادو بەکارهێنرابێ وەک گۆڕێکی کاتی لێکدانەوەی بۆ کراوە چونکە بەشێک لە ئێسکەکە لەنێو ئەو گۆزەیە بەدی کراوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گۆڕێکی گوازراوەبووە. ( Prelimminary Report,2011,p8) وێنەی ژمارە (١٢).



وێنەی ژمارە(١٢) شوێنی گۆڕێکی نێژراو لە نێو جەرڕەی قوڕین (سەرچاوەی وێنە نادر بابەکر،٢٠١٢).

لە چاڵێکی نیو بازنەیی تێیدا ژمارەیەک پارچە ئێسـک وپروسـکی ئاژەڵی کە نزیکەی (٤٧٢) پارچە ئێسک، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە توانراوە بە ئاسانی بناسرێنەوە لەوانە وەک(مەڕ، بزن، بەراز، ڕەشەوڵاخ ، سـەگ ،ئەسـپ، گوێ درێژ)هەندێکیان باڵندەن بەڵام جۆری نەزانراون و قەبارەیان مام ناوەندە لەوە دەچێت ئەم شوێنە بەخێو کردنی مەڕو ماڵات بێت کە لەو سەردەمانە مرۆڤ گرینگی بە بەخێوکردنی ئە جۆرە ئـاژەڵانەی داوە کە سـودی ئـابووریـان هەبووە (Kopainas &Others,2011,p3).وێنەی ژمارە(١٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی ژمارە(١٣) چاڵی نیو بازنەیی لە گرد نادر چینی دووەم (Source: K. Kopanias 2012).


**٤- پرۆسەی هەڵکۆڵینی نوێ لە هەندێ ناوچەکانی زاگرۆس بێستانسوور بە نموونە:** لەئەنجامی هەڵکۆڵین و پێدا چوونەوە بەکۆمەلێک پاشماوە لە هەندێ پێگەی شوێنەواریی ناوچە دەشتاییەکانی زاگرۆس پیگە دۆزراوەی نوێی شوینەواری بێستانسوور دەکەوێتـە دۆڵی فراوانی چیای زاگرۆس ٣٠ کم لە بەرەی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، یەکێکە لە کۆنترین گوندی کشتوکاڵی کەلتوری ڕۆشنبیری هەڵگرتنی تۆوی ڕووەک بۆ یەکەمجار لەم گوندەدا بەدی کراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٩٠٠٠ ساڵ پ.ز واتە سەرەتای چاخی بەردینی نوێ پێش گلێنەسازی(Rechardson & Others,2020, p19). دوابەدوای گوێزرانەوەی کۆمەڵگای ڕاوچیەکان لەئەشکەوتەکانەوە بۆ ژیانی نیشنگەی سەرەتایی و گوندنشینەکان و جێگیر بوون پێشکەوشتنی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی ڕەنگدانەوەی بەخۆوە بینیوە ، لەوەدا دەردەکەوێـت کە چاخی بەردینی نوێ بە پێشکەوتنی مرۆڤ لە ڕووی بیرو هزرو شێوازی فیزیۆلۆجیەوە دادەندرێت بەبەراوورد بە مرۆڤەکۆنەکان کە پیشەیان تەنها بە ڕاوکردن سنووردار بووە.(Elliot,2020,p345). لە هەڵکۆڵینە نوێیەکانی ئەم پێگەیە لە چاخی بەردینی نوێ دا کلتوری وەبەرهێنانی ڕووەک وتێکەڵکێش بە بەخێو کردنی ئاژەڵ بەخۆیەوە بینیوە کە لە ئەنجامی دەستکەوتنی ئێسکوپروسکی ئاژەڵەکان جۆری وەک مەڕ لە جۆری (کاپرین) بزن بەراز مامزی جۆری سوور دەرکەوتووە کە گرینگی بە بەخێوکردنی ئاژەڵیی ماڵی و خۆجێی دراوە ئەو جۆرانەی کەلەبواری ئابووری و ڕۆژانە گرینگن وە بەرگەی هەموو جۆرە گۆڕانکاریە ژینگەیی یەکانی ئەو ناوچانەیان هەبووە.(Elliott & others, 2020,p92) جگە لە تێبینی کردنی ڕێژەیەکی زۆر لە جۆری بەراز مانگاو مەڕ لەگەل ئەوەی ئاژەڵی ماڵی جۆری سوود بەخش چەندین جۆر لە ئاژەڵی کێوی ئەو پێگەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دۆزراوەتەوە بەگوێرەی سروشتی ناوچەکە کە پێک هاتبوون لە شیردەرە گەورەکان و بچووکەکان جۆرەها ماسی و باڵندە...هتد کەبە گشتی شێوازی باش مانەوەیان هۆکاری شێداری بۆیە لە گشت خەندەقەکان بە ڕێچەیەکی دیاری کراو دەرهێنراون پاشماوەی ئێسکی ئاژەڵ دۆزراوەتەوە ناوچەکە ئەوەی گرینگە لێرەدا لە دوای پشکنینی وورد بۆ نەخۆشیەکانی ئێسک لەو جۆرە ئاژەڵانە لەبەشی ددانەکان تێبینی کراوەکە جۆرە نەخۆشیەکی گەدە تووشی هەندێک جۆر ئاژەڵ هاتوون کە بەهۆی خۆراک و ڕووەکی ناوچەکەوە بووەتە نەخۆشیەکی بڵاو بەسەر دانیشتوانانی گوندەکە چونکە هەمان نەخۆشی لە ئێسکی مرۆڤەکاندا بەدی کراوە بەهۆی گوێزرانەوەی جۆری نەخۆشیەکە.( Bendery& others,2020,p312-321). دەرئەنجامەکانی هەڵکۆلینی نوێ لەناوچە شاخاویەکانی زاگرۆس بەنموونە (بێستانسوورو شمشارە ئەشکەوتی زەرزی و پاڵەگەورە ئەشکەوتی شانەدەر) ئامانجی سەرەکی پرۆسەکانی هەڵکۆڵینن لە ناوەڕاستی زاگرۆس بەمەبەستی زانینی پەیوەندیە جێگیرەکانی مرۆڤ بووە بەرامبەر بەو ژینگەیەی لێی ژیاوە، هەروەها ناساندنی ڕێژەی زیاد بوونی گوندە سەرەتاییەکان کە وەک حەشارگەیەک بۆ مرۆڤ لە چاخەکانی پلایستۆسینەوە تاوەکو چاخی بەردینی نوێ، دەکرێت لەم ناوچانە هەندێ گۆڕانکاری لە پلەکانی گەرمی کەش و هەوای ئەو ناوچانە بخرێنە ڕوو هەروەک ئاماژە بە گۆڕانکاریەکانی ژینگەیی ئەو ناوچانە کراوە.(Bosomwrth,2020,p3 ). لەدوای دیاریکردنی شوێن ستراتیجیەتی هەڵکۆڵین چەند چینێک و خەندەقێکی جیاواز بە خەندەقەکانی T4 ,T7, T9, T10, T12, T13 ناسراون کە هەڵکۆڵینی شوێنەواری ئەنجام دراوە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئێسکوپروسکی مرۆڤ و ئاژەڵ دەرکەوتووە کە بە گشتی پارچە ئێسکەکان زۆر ووردو لەبارێکی خراپ دابوون، بەتایبەتی لە خەندەقەکانی T9, T4, T10، زۆرترین نموونەی ئێسکەپەیکەری دۆزراو لەژێر بینای ژمارە بینای ژمارە 5 کەبە Sp 50 ناسراوە کەمێک دوور لە بینای خانووەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی گردەکە شێوە لاکێشەیی کەبە شوێنێکی فراوانی بیناسازی بێستانسوور دادەندرێت دوو چینی ناشتن تێبینی کراوە لەم بینایە کە یەکەمیان کۆنترە لە چینەکانی سەرووتر ئەو شوێنە وەک گۆڕ بۆ ناشتنی مردووەکان بەکارهاتووە (Walsh,2020,p439) وێنەی ژمارە(١٤). ئەوەی تێبینی کراوە گرینگی بە شێواز و چۆنیەتی ناشتن دراوە لە هەموو ڕوویەکەوە، لەئەنجامی هەڵکۆڵین لە خەندەقەکانی T10و T7 لە کۆی گشتی ئێسکوپروسک دەگاتە(٦٧) کەس نزیکەی (٥٠)ی تایبەتە بە

ئێسکوپروسکی منداڵی لە دایک بوو تاوەکو تەمەنی هەرزەکار( Walsh,2020,p439). شێوازێکی جیاواز لە ناشتن پەیڕەوکراوە کە لە زۆربەی پاشماوەی ئێسکەکان بەشی سەری نێژراوە بەجیا لە لاشەی بەزۆری لە تەمەنە بچووکەکان بەدی کراوە بەشێوەیەکی سەریان لەلاشەیان جیاکراوەتەوە بەڵام لێک دوور نێژراون بێ ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر(کەبە ناشتنی لاوەکی دەناسرێت یاخود گۆڕی نەگوازراو) مەبەست لە گۆڕی لاوەکی ئەوەیە(سووتاندنی جەستەکە، لێکردنەوەی سەر لەجەستە، نەخش و زەخرەفەکردن لەسەر ئێسکی کەللەی سەر) کە زۆرجار لاشەکەیان لەیەک دوور دەنێژران واتە دوای لێک جیاکردنەوەی سەر لەلاشە و پاککردنی کەللەی سەر نەخشاندنی بە چاڵی بچووک و ڕەنگکردنیان بە بۆیەی سوور (Walsh,2020,p429). دۆزینەوەی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە تەمەنی بچووکتر لەساڵێک بەبەراوورد بەکەسی گەورە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێندرێتەوە کە لەوانەیە بە هۆی بارودۆخێکی نەخوازراو وەیاخود لەدایک بوون و مردنی منداڵی تازە لە شیر دابڕاو، خراپی جۆری خۆراک وەیان نەخۆشی وماکی هەمیشەیی کە تووشی منداڵ هاتووە هەر بۆیە زۆری ڕێژەی مردنی منداڵان لەو شوێنە تێبینی کراوە بەتایبەتی لە سەردەمی چاخی بەردینی نوێدا، ڕای جیاواز هەن بۆ ئەم مەبەستە ئەویش کەمی دەرامەتی خۆراک لە وەرزەکانی ساڵ لەو سەردەمەدا لە دواب زۆربونی ڕێژەی نەخۆشی بەهۆی بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵی و ناجێگیری لە شێوازی خۆراک زۆری ڕێژەی کاربۆهێدرات لە خۆراک بووەتە هۆی تێکچوونی باری تەندروستی لەناکاو کەم خوێنی (ئەنیمیا) کەمی ڤیتامین C وD بەهۆی گۆڕانکاری لە وەرزەکانی ساڵ نەخۆشیەکانی ئیفلیجی منداڵی خوار تەمەن یەک ساڵ، هەروەها بوونی هایپۆپلاسیا(Hypoplasia) واتە کەمی دروست بوونی ڕێژەی ددان لە مینای ددان، بوونی کلسی ددان کۆمەڵەیەکن لە جۆری نەخۆشی کە تووشی دەم ددان و مەلاشوو هاتوون گۆڕاوە بۆ نەخۆشی بۆماوەیی و گوزراو بەو هۆیەوە لەدەست دانی ددانەکانیان لە تەمەنی هەرزەکاری کە ١١ کەس لە پاشماوەی ئێسکە دۆزراوەکان ئێسکی ددانەکانیان تووشی داخووران وڕووشان هاتووە تەمەنی منداڵان زیاتر بەدی کراوە.(Walsh,2020,p438- 439).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەو هێلکاری ژمارە(١٤) شوێنی بینای پێنجەم کۆمەڵێک گۆر دۆزراوەتەوە
.(Archive report,2017,PP10-26)

## 3. پەڕاوێزەکان :

[١]**مرۆڤی نیاندرتاڵ:** (**Homo Neanderthalensis**) بە یەکێك لە ڕەگەزی مرۆڤی لەناوچوو دادەندرێت کە زۆربەی توێژەران لێکۆڵینەوە لەسەر بوونی ئەم جۆرە مرۆڤەیانکردووە بە هۆی دۆزراوەکانی ئێسکی و پروسکی ئەم مرۆڤە لە شوێنەجیاوازەکان جیهان (فەلەستین و عیراق و سوریا و ایران) کە هەروەها لە ئەشکەوتەکانی ئەوروپا کۆمەڵێك سیفاتی تایبەتی هەبووە لە ئێسکی کەللەی سەرو شێوی رووخساریەوە لە مرۆڤی سەردەمەکانی تر جیا دەکاتەوە ژیانیان سادە بووە پشتیان بەستووە بە خۆراکی سروشتی و ڕاوکردن نزیکەی ٤٥ هەزار ساڵ ژیاوە.(ئامیدی،٢٠٠٧،ص٤٦).

[٢]**کاربۆن (١٤):** (کاربۆنی ١٤ تیشک دار) $C_{14}$ یەکێکە لەو ڕێگا زانستیە نوێیانە بەکاردێت بۆ دیاری کردنی مێژوو و سەردەمی گشت ئەو کەرەستە و کەلوپە شوێنەوارییانە لە مادەی ئەندامی پێکهاتوە وەک ئێسک، پێست، دانەوێڵە و ددان و دار وعاج و ڕەژوو (الفحم) . ئەم ڕێگایە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٨لە بواری شوێنەوار بەکار هاتووە لەلایەن زانای بواری سروشتی لێبی LIBBY لە زانکۆی شیکاغۆی ئەمریکی ئەم ڕێگایە بۆ ناساندن و دیاریکردنی مێژووی پارچە شوێنەوارییەکانی ئەشکەوتی شانەدەر لە ناوچەی برادۆست وچەرمۆ لە چەمچەماڵ ، حەسونە لە موسڵ بەکارهاتووە.(الدباغ والاخرون، ١٩٨٣،ص١٩٨-٢٠١). هەروەها ئەم ڕێگایە لە زانستی شوێنەوار تاقیکراوەتەوە بۆ ناساندن و دیاری کردنی مێژووی گۆڕی پاشاکانی فیرعەونەکانی میسر. بە ناوبراوە(الفخراني، ١٩٧٨،ص٨٨)، هەروەها بڕوانە: (Braidwood,1967,p39.)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

[٣]**چاخی پلایستۆسین**: ووشەیەکی وەرگیراوی ئەغریقیە بە واتای ڕووداوە جیۆلۆجیەکان دێت کە نزیک ملیۆنێک ساڵی خایاندووە .لەم چاخەدا گۆڕانکاری لە کەش و هەوای زەوی بە هەموو شێوەیەک ڕووی داوە ، وە لە دوای ئەم چاخە چاخە بەردینیەکان دەست پێدەکەن. (ابراهيم،٢٠٠٣،ص٦).

## 4. دەر ئەنجام:

(لەئەنجامی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زیاتر بۆ ئەم بابەتە گرینگی دۆزینەوەی ئێسکەپەیکەرلە پێگەشوێنەواریەکانی کوردستان لەچەند خاڵێکەوە بۆمان دەردەکەوتێت):

1. بەکارهێنانی ڕاپۆرتی ئەنجامی کنەو پشکنینەکانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە پێگەشوێنەواریەکان بەپێی ڕێنمایی وتایبەتمەندی ئەو تیمانە کە بەژدار بونە لەهەڵکۆڵین ئەنجامیان داوە لەو گردانە بەیەکێک لەسەر چاوەی گرینگ و جۆراوجۆر دادەندرێت لە هیچ شوێنێک بە فەرمی بڵاو نەکراونەتەوە ئێمە وەک ئەندام تەنها ئاماژەمان بەو زانیاریانە کردووە کە لەکارکردن بەژداربووین لە چوارچێوەی یاسایی ڕێنماییەمان کە دیدگای سروشتی ناوچەکان دەردەخات **هەروەها** هەڵکۆڵینی نوێی پێگە شوێنەواریەکان لە سنوور و مەودایەکی دیاری کراودا ئەنجام دراوە.
2. ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە هەڵکۆڵین لە پێگە نوێیەکان لەم چەند ساڵانەی دواییدا کراون ئێمە وەک ئاماژەیەکی خێرا تیشکمان خستۆتە گرینگترین ئەو پێگە پێش مێژووییانەی کە هەڵکۆڵینی شوێنەواری لێ ئەنجام دراون و پاشماوەی ئێسکوپروسک لێکۆڵینەوەی لەسەرەتایی لەسەر کراون.
3. بێگومان فاکتەرە گرینگەکانی مانەوەی ئێسک و پروسک بەشێوەیەکی تەواو(كامل) یان نیمچە تێک چوو بەشێوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ لەباری ئاوو هەوای پێگەکان نزیک سەرچاوەی ئاوو، بوونی ڕێژەی شێ لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان لە چاخە پێش مێژوویەکاندا.
4. بەشێوەیەکی گشتی تۆماری پارچە ئێسکوپروسکەکان و گشت داتای پارچەکان نووسراون و لەمۆزەخانە پارێزگاری لێ کراوە ونۆژەنکراونەتەوە، ڕاپۆرتەکان لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکارهێنراون.

5. لەگەڵ کۆی گشتی گۆڕەکان کەلو پەل و ئامرازی بەردین دۆزراوەتەوە جگە لە ئێسکوپروسکی ئاژەڵی، گۆڕی منداڵ و تاکەکەس و دووانەیی لە نموونەی دۆزراوەکانن.
6. لەڕووی بەراووردکاریەوە ئێسک و پروسکەکانی شانەدەر بریتی بوونە لە کۆنترین مرۆڤی کوردستان کە بە (نیاندرتاڵ) ناسراوە ئێسکی ئاژەڵیەکان بریتی بوونە لە ئاژەڵی کێوی، بەڵام لە پێگەکانی تری پێش مێژوو مرۆڤی ژیر دەرکەوتووە لەگەڵ گۆڕانکاری لە دۆخی ژینگە و شێوازی ژیان بەخێوکردنی و دۆخی بەروپێشچوونی ئابووری ئاژەڵی ماڵی جێی ئاژەڵی کێوی گرتۆتەوە بۆنموونە لە گردی قالینج ئاغا، چەرمۆ، بێستانسوور...هتد.
7. لە کۆی گشتی دیمەنەکانی ئێسکەپەیکەری نێژراو لە نێو گۆڕەکاندا دەردەکەوێت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بەپێی بیروباوەڕی مرۆڤی چاخە پێش مێژووییەکان جۆروشێوازی ناشتن جیاوازی زۆری لێ بەدی دەکرێت.
8. لەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پرۆسەی هەڵکۆڵین بە پلانێکی تۆکمەو داڕشتن بۆ پێگەکان کراوە بەتایبەتی لەدوای سەدەی نۆزدەوە لەکاتی سەردانی گەڕۆکەکان بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵات بە بینینی شوێن و پارچەی شوێنەواری دیار گەڕان و پشکینەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر زیادی کردووە.

## لیستی سەرچاوەکان

### ١- سەچاوە عەرەبیەکان :


1. إبراهيم، نعمان جمعة، (٢٠٠٣)، حضارة العصرالحجري الحديث في كوردستان العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين _ أربيل، كلية الآداب –قسم الآثار.
2. إبراهيم، نعمان جمعة، (٢٠٠٨)، البيئة الطبيعية في كوردستان الجنوبية و أثرها في نشأة الحضارة خلال العصر الحجري الحديث كوردستان هەولێر ، سوبارتو ٢، پایزی ساڵی دووەم .
3. أبو الصوف، بهنام، (١٩٨٥)، دور التنقيبات الأثرية في الكشف عن حضارة العراق القديم، حضارة العراق، الجزء الأول، بغداد.
4. أبو الصوف، بهنام، (٢٠١٠)، التاريخ في باطن الأرض، عمان.
5. آدكينز، لسلي وروي، (٢٠١٠)، مدخل إلى علم الآثار، ترجمة همام حسن زينة، دمشق.
6. حازم، د.يوسف حازم، (٢٠٢٠)، الهياكل العظمية ودورها في الكشف الآثاري في مواقع عصور ماقبل التأريخ في العراق-ماذج منتخبة، وقائع مؤتمر مهنة الطب في المدونات المسمارية و مراحل تطورها عبر العصور،كلية الآثار-جامعة الموصل.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. حجارة، إسماعيل، (١٩٧٣)، التنقيب في قالينج اغا(أربيل) الموسم الرابع، سومر، المجلد التاسع والعشرون، الجزء الأول و الثانى.
8. الدباغ، تقي، (١٩٨٥)، البيئة الطبيعية و الانسان، العراق- بغداد ،حضارة العراق، الجزء الاول.
9. الدباغ، تقي، وليد الجادر ،( ١٩٨٣)، طرق التنقيبات الأثرية، بغداد.
10. رشيد، جمال احمد، ( ١٩٩٠ )، تأريخ الكورد القديم، جامعة صلاح الدين، أربيل.
11. رشيد، عبدالوهاب حميد،(٢٠٠٤)،حضارة وادي الرافدين ميزوبوتاميا، سورية، دار الثقافة للنشر.
12. سليم، احمد امين، (٢٠١١)حضارة العراق القديم، كلية الاداب جامعة الاسكندريه.
13. سليمان، عامر،(١٩٩٢)، العراق في التأريخ القديم، جامعة الموصل، الجزء الاول، دار ابن الاثير.
14. شنيتي ،محمد البشير، علم الآثار تأريخه -مناهجه مفرداته، دار القلم بيروت، بدون تأريخ الطبع.
15. الفخراني، فوزي عبدالرحمان،(١٩٧٨)، الرائد في فن التنقيب عن الآثار، جامعة قاريونس .
16. كورهان، آرليت لوروا، (١٩٦٩)، إنسان نياندرتال ٤ في كهف شانيدر ، ترجمة جميل حمودي، مجلة سومر العدد ٢٥، المجلد الأول والثاني.
17. لويت، سيتون، (١٩٨٠)، آثار بلاد الرافدين، ترجم: سامي سعيد الأحمد، بغداد.
18. ئاميدي، ايهان محمد قادر،(٢٠٠٧)، انسان كهف شاندر في كوردستان العراق وعلاقتة بالنياندرتال، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين -اربيل.

**٢- سەرچاوە کوردیەکان:**

19. ڕاپۆرتی(بڵاونەکراو) دەرئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵکۆلین لە گردنادر مانگی ئاب/ئەیلولی ساڵی٢٠١٢، وەرگیراوە لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گشتی هەولێر.
20. محمد، گۆران محمد، (٢٠١١)، ڕاپۆرتی(بلاونەکراو) ئەنجامی سەرەتایی هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە گردنادر، وەرگیراوە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری هەولێر.
21. مۆلیست، میگێل، ئانا گۆمێز، زێباری، عەزیز،( ٢٠١٩)، شاندی شوێنەواری ئیسپانی لەگردی لەشکر (هەولێر) راپۆرتی (بڵاونەکراو)، وەرگیراوە لەبەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر.
22. مۆلیست، میگێل، زێباری، عزیز،( ٢٠٢٢ )، شاندی ئیسپانی لەگردی لەشکر(هەولێر) زانکۆی ئۆتۆنەمی بەرشلۆنە بەهاوبەشی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر و زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، (ڕاپۆرتی بڵاو نەکراو)، وەرگیراوە لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر.
23. مۆلیست، میگێل، زێباری، عزیز،(٢٠٢١)، شاندی ئیسپانی لە گردلەشکر(هەولێر) زانکۆی ئەتۆنۆمی بەرشلۆنە بەهاوبەشی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر و زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، (ڕاپۆرتی بڵاونەکراو)، وەرگیراوە لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەلێر.
24. مۆلیست، میگێل، ئاننا گۆمێز، برادۆستی، زێدان، (٢٠١٧)، ڕاپۆرتی (بڵاو نەکراو) گرد لەشکر (هەولێر) زانکۆی ئەتۆنۆمی بەرشلۆنە -زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، وەرگیراوە لە ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**25.** هەڵکۆڵین لە گردی قالینج ئاغا (٢٠٠٩)، وەرگیراوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/١٤ ڕاپۆرتی( بڵاو نەکراو)، وەرگیراوە لەئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر.

**٣- سەرچاوە ئینگلیزیەکان :**

1. Abu AL-Soof, Bahnam, (1966),Short Sounding At Tell Qalinj Agha (Erbil), SUMER, VOL. XXIII, NO.1&2.
2. Bendrey, Robin, Van, Wim Neer, Bailon, Salvador, Rofes, Juan, Herman, Jeremy, Morlin, Mel and Tom Moore, (2020), Animal Remains And Human -Animal – Environment Relationship at Early Neolithic Bestansur and Shimshara, The Early Neolithic of the Estern Fertile Crescent, (Excavation at Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan)"Central Zagros Archaeological Project,Volume 2, Edited By Roger Matthews, Wendy Matthews, Kamal Rasheed & Amy Richardson, OXBOW books, Oxford & Phildelphia, United Kindom.
3. Bosomworth Matt, Dominik Fleitmann & Maria Rabbani, (2020), The Early Neolothic of the Esteren Fertile Cresent(Excavaitions Bestansur and Shimshara,Iraqo Kurdistan), Central Zagros Archaeological Project, Volume 2, Edited BY: Roger Matthews, Wendy Mtthews, Kamal Raheem& Amy Richardsonm, Published in the United Kingdom in by OXBOW BOOKS.
4. Braidwood, Robert, (1954),The Jarmo Project (of the Oriantal Institue of the University of Chicago), 1954-1955, SUMER, VOL.X, NO.1.
5. Braidwood, Robert, (1967), A Note On The Present Status of Radioactive Carbon Age Determination, SUMER, VOL.XIII, NO.1&2.
6. Dexter Perkins, The Faunal of Shanidar Cave Zawi Chemi Shanidar,(1960), SUMER, VOL XVII, NO.1&2.
7. Driver, Jonathn, (2011), Identification Classofication and Zoo Archaeology Department, Simon Freser University, Jstor, VOL.19, NO.2.
8. Eleni Asouti, Douglas Bari, Kabukcu C, Swinson K, Martin L, Garica, the others, (2020), The Zagros Epipaleolitic revististed: New excavations and $^{14}$C dates from Palegawracave in Iraq Kurdistan, plos one.99, Reserch Article.
9. Elliott, Sarah, Bendrey, Robin, Whitlam, Jade and Kamal Raeuf Aziz, (2020), Ethnoarchaeological Reserch In Bestansur: Insights into Vegetation, Land-Use, Animals and Animal Dnug, The Early Neolithic of the Estern Fertile Crescent, (Excavation at Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan)"Central Zagros Archaeological Project,Volume 2, Edited By Roger Matthews, Wendy Matthews, Kamal Rasheed & Amy Richardson, OXBOW books, Oxford & Phildelphia, United Kindom.
10. Elliott, Sarahm With contributions from Wendy Matthews and Ian Bull,(2020), Early Neolithic Animal Mngment And Ecology: Integrated Analaysis of Faecal Marerial, The Early Neolithic of the Estern Fertile Crescent, (Excavation at Bestansur and Shimshara,

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

Iraqi Kurdistan)"Central Zagros Archaeological Project,Volume 2, Edited By Roger Matthews, Wendy Matthews, Kamal Rasheed & Amy Richardson, OXBOW books, Oxford & Phildelphia, United Kindom.

**11.** Kopainas, Kostantinos, Sherry Fox, Jhon Macginnis & others, The Tell Nader and Tel Baqirta Project in The Kurdistan Region od Iraq:Preliminary Report of the season (2011), Stubmitted Publication in SUBARTU-Arcaeological Jornal of the Kurdistan Region of Iraq.

**12.** Molist, Miqel & Gomez, Anna Bach, (2016) Mison Arquelogica Espanolia en Tell Lashkir Spanish Mission (Erbil Region), Filed Work Season,(Un published Report), Used to General Administiration Of Archaeology And Heritage.

**13.** Molist, Miqel & Gomez, Anna Bach, Scientific Rapport Seasoz( 2015) Gird Lashkir (Erbil Region), Spanish Project to Uni Autonima Barcelona in Cooperation with Salahaddin Uni,Erbil,(Un published Report), Used to General Administiration Of Archaeology And Heritage.

**14.** Molist, Miqel, Z.Bradosty& Others ,(2019), New Data On The 4th -3rd Millennia In Northern Mesopotamia: The Ancient Occupation At Gird Lashkir In Ther Archeologyical Contexts,)paleorient, VOL.42,NO.2, (Un Published Report), Used to General Administiration Of Archaeology And Heritage.

**15.** Pomeroy, Emma & Others,( 2020), New Neanderthl Remains Associaited With the folwer burial at Shanidar Cave , VOL.94, NO.11, London.

**16.** Rechardson, Amy, Mattews Roger & Mttews, Wendy, (2020).Excavation, Recording and Sampling Methologies, The Early Neolithic of The Estern Fertile Crescent(Excavation ar Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan), Central Zagros Archaeological, Volume 2, Edited by: Roger Mttews, Wendy Mttews, Klmal Rasheed, Amy Rechardson, Published in The UK in 2020 By Oxbox Books.

**17.** Reynolds,Tim, Grame Barker & the Oters, new investigations at Shanidar Cave-Iraqi Kuedistan, (The Arceaology Of The kurdisatan Region of Iraq And Adjacent Regions, (2015), Articiles Ediet By: kostantinos Kopanians amd John Macginns, Pinted in ingland by Holywell Press, Oxford, December,.

**18.** Solecki, Ralph S. (1952) Shanidar Cave Paleolithic Site PART I, SUMER, No.2, Vol. VIII.

**19.** Walsh, Sam, (2020), Human Remains From Bestansur: Dermography, Diet And Health, The Early Neolithic of the Estern Fertile Crescent, (Excavation at Bestansur and Shimshara, Iraqi Kurdistan)"Central Zagros Archaeological Project,Volume 2, Edited By Roger Matthews, Wendy Matthews, Kamal Rasheed & Amy Richardson, OXBOW books, Oxford & Phildelphia, United Kindom.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Skeletons in the Light of the Recent Archeological Discoveries of the Prehistoric Sites in Kurdistan Region (Anthropological Archaeologist Study).

**Zainab Tahir Mohamad**
Department of Archaeological, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
zainabtahir767@gmail.com

**Noman Jumaa Ibrahim**
Department of Archaeological, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
noman.ibrahim@su.edu.krd

***Keywords:*** *Excavation, Skeleton, Grave, Pre-historic, Stone Ages.*

## Abstract

This research specifically covers the beginning of new archaeological excavations, and mostly deals with all such works carried out by foreign archaeological missions and in coordination with antiquities departments and academic and archaeological bodies in Iraqi Kurdistan. In fact, there have been research and excavations in previous centuries in order to identify human life, history and civilization as an attempt to learn many other cultural aspects including ancient architecture, pottery, stone tools, and most importantly, the discovery of human and animal skeletons in prehistoric sites in Iraqi Kurdistan, and all these discoveries are reliable and important material resources that contribute As the title of the study suggests, the discovery of bones collected from different sites in Iraqi Kurdistan that were analyzed in advanced laboratories to learn more about substances or elements buried with skeletons. This is known as anthropology.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٤)، پایز٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# الهياكل العظمية على ضوء الإكتشافات الأثرية الجديدة في مواقع عصور ماقبل التاريخ في إقليم كوردستان العراق (دراسة أثرية أنثروبولوجية).

## الملخص

يغطي هذا البحث بشكل خاص بداية اعمال التنقيبات الاثرية الجديدة، ويتناول في الغالب جميع نلك الأعمال التي تقوم بها البعثات الأثرية الأجنبية وبالتنسيق مع دوائر الآثار والهيئات الأكاديمية والأثرية في كردستان العراق. في الواقع كانت هناك أبحاث وحفريات في القرون السابقة من أجل التعرف على حياة الأنسان وتاريخه وحضارته القدماء وكمحاولة لمعرفة العديد من الجوانب الأخرى بما في ذلك العمارة القديمة والفخار والأدوات الحجرية، والأهم من ذلك إكتشاف الهياكل العظمية للإنسان والحيوان في مواقع عصور ماقبل التاريخ في كوردستان العراق في العصر الحجري، وكلها تعدد من المصادر المادية الموثوقة والمهمة لمعرفة أصل الإنسان في ذلك الوقت. كما يشير عنوان الدراسة، اكتشاف العظام التي تم جمعها من مواقع مختلفة في كردستان العراق والتي تم تحليل ذلك في مختبرات متقدمة لمعرفة المزيد من المعلومات عن المواد أو العناصر المدفونة مع الهياكل العظمية يُعرف هذا باسم علم الأنثروبولوجيا.